# ئایا دڵنیا نیت مافی مانەوەت لێرە پێدەدرێت یان نا؟

ماوەی چاوەڕوانیی پێش کردنی چاوپێکەوتنی پەنابەریی لەلای بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بیانییان (UDI) تائێستاش هەر درێژە بۆ خەڵکی عێراقیی. بۆ زانیاریی زیاتر سەیری سایتی (www.udi.no) بکە. دوای ئەوەی چاوپێکەوتن دەکەیت، (UDI) لە داخوازییینامەی پەنادانەت دەکۆڵێتەوە تا بڕیاری تیا بدات.

ئەگەر داخوازییینامەی هێنانی ئەندامی خانەوادە بۆ نەرویج پێشکەش بکەیت، ماوەی چاوەڕوانیی وەڵامەکەی درێژە. تا مافی مانەوە لە نەرویجدا وەرنەگریت، ناتوانیت داخوازییینامەی هێنانی ئەندامی خانەوادە پێشکەش بکەیت.

ئەگەر کوردیت و خەڵکی ناوچەی هەرێمی کوردستانیت (دهۆک، هەولێر، سلێمانیی)، ئەوا ئیحتیمالی زۆرە داوای پەنادانەکەت لە نەرویج ڕەت ببێتەوە.

هەرکات بتەوێت دەتوانیت داخوازییینامەی گەڕانەوەی پاڵپشتییکراو پێشکەش بکەیت بۆ گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆت، یان بۆ وڵاتێکی تر کە مافی مانەوەت تیایدا وەرگرتبێت و مافی مانەوەت تیایدا هەبێت.

دەتوانیت یارمەتیی ماددی وەربگریت ئەگەر لەلای ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ (IOM) داخوازییینامەی گەڕانەوەی پاڵپشتییکراو پێشکەش بکەیت. یان بەم ژمارە تەلەفۆنە (23105320)،دەتوانیت پەیوەندیی بە (IOM)-ەوە بکەیت، یان لەڕێگەی ئەم سایتەوە: (www.iom.no).

---

UDI

**Les mer på**

www.udi.no /